# دەبێت دژی جەنگ بین، بۆئەوەی بەر بە سوپای تورکیا بگرین!

سامان کەریم

دوای دەرکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکا، لە پەیوەند بە جێگاو ڕێگای تورکیا لە کوردستان و باکوری عێراقداو هەروەها جێگاو ڕێگای بزوتنەوەی کوردایەتیو هەردوو حزبە دەسەلاتدارەکەی لە کوردستانی عێراق، کە بەکورتی بریتییە، لە هاتنە ناوەوەی هێزەکانی تورکیا بۆ نێو قولایی شارەکانی باکوری عێراق و کوردستان، بەتایبەت موصلو کەرکوك، لێسەندنی چەکە قورسەکان لە هەردوو حزبی دەسەلاتداری کوردستانو مانەوەی سوپای تورکیا تاکو دوای ئالۆگۆڕەکانو جێگیرکردنی حکومەتی تازەی دوای صدام، ئەمە ئەگەر جەنگ ڕوبدات. تەنانەت وەزیری دەرەوەی تورکیا لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ کەنالی جەزیرەی فەزایی، لە ڕۆژی 2/13 دا، رأیگەیاند کە نوێنەریان دەبێت لە حکومەتی ئایندەی عێراق و ملیشیا کوردییەکان دەبنە " حەرەس حدود"، ئەمە بەجیا لە وەرگرتنی پارەیەکی زۆر کە لە لایەن ئەمەریکاوە پێی دەدرێت. ئێمە وەك حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، ماوەیەکی زۆرە ئاماژەمان بە سیاسەتی چەوتو دواکەوتنی هەردوو حزبی دەسەلاتدار کردەوە بۆ جەنگی ئەمەریکاو ئاگادارمان کردونەتەوە، لەوەی کە سیاسەتێکی مسئولانە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان هەلبژێرن، خۆیان نەکەنە پیشلەشکری سوپای ئەمەریکی، پیمان وتن ئێوە لە کوردستان دەسەلاّتتان بە دەستەوەیەو پێویستتان نییە چەپڵە بۆ جەنگی ئەمەریکا لێ بدەن، بەلام بێ سودبوو، ئەمجارە خۆیان لە پێشدا کەوتنە نێو چاڵەکەوە.

لە بەرامبەر ئەم واقعیەتەدا، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیمکراتی کوردستان، کەوتونەتە خۆیان بەهەموو لایەکدا خەریکن ئیمزای خەڵکی کوردستان کۆدەکەنەوە لە دژی هاتنی سوپای تورکیا و گەورە لیپرسراوانیان کەوتونەتە قسەباوسی ئەوەی کە دژی هاتنی سوپای تورکیان!. سەیر ئەوەیە بۆ هیچ سیاسەت وبڕیارێکیان گوێ نادەنە خەڵکی کوردستان بەلاٖم کە لێیان قەوما داوای فریادیان لێ دەکەن. هاتنی ئەمجارەی سوپای تورکیا، وەك هاتنی جارانی پێشوو نییە. ئەمجارە تورکیا دێتە کوردستانو باکوری عێراق، وەك هێزێکی ناوچەیی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە سیاسیو ئابورییەکانی خۆی، بۆ قایمکردنی جێگاو ڕێگای نفوزو بالاّ دەستی خۆی لە ناوچەکەدا، بۆ ئەوەیە کە ڕوڵی هەبێت لە دیاریکردنی چارەنوسی داهاتووی عێراقو لە گۆڕینی نەخشەی ناوچەکەدا. تورکیا دەیەوێت لە پێشەوە بەشی خۆی بپچرێتو لەسەر ئەمە لە گەڵ ئەمەریکا ڕیککەوتوەو ئالۆوێریان کردوە، هەم بە پارە و هەم بە وەرگرتنی جێگاو ڕێگایەك، لە بەرامبەر بەشداریکردنی سوپای تورکیا لە جەنگداو هەروەها رێگادان بە هاتنیسوپای ئەمەریکا بو نیو تورکیاوکردنی تورکیا بە مەیدانی جولاّنەوەی هێزەکانی لە باکورەوە. بەم پێیەش هاتنی تورکیا بو کوردستانو باکوری عێراق، پێداویستی جەنگی ئەمەریکایە بۆسەر عێراقو بەشێکە لە زەمینە سازکردن بۆ بردنە پێشەوەی جەنگەکەی لە هەموو قۆڵەکانەوە، بۆیە ناکرێت، چەپڵە بۆ جەنگی ئەمەریکا لێ بدەیت و لەهەمانکاتدا دژی هاتنی سوپای تورکیا بیت، هەروەك ناکرێت، چەپڵە بۆ جەنگ لێ بدەیت دژی هاتنی سوپای بەریتانی بیت بۆ خەلیج، یان دژی بەکارهێنانی ساروخی کرۆز بیت. هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا بەشێکە لەسیاسەتی شەرخوازی وجەنگی ئەمەریکا.

**جەماوەری ئازادیخوازو ستەمدیدەی کوردستان**

ئێوە ئاگادارن کە بەدرێژای 10=12 ساڵی ڕابوردوو، حزبە دەسەلاٖتدارەکانی کوردستان چەپڵە بو هاتنە ناوەوەی زیاتر لە 15 جاری سوپای تورکیا لێ دەدەن، ئەمجارەیان یەخەی خۆیانی گرتۆتەوە بۆیە لە دژی دەوەستن کە دیسانەوە بەر ئەنجامی سیاسەتی نامەسئولانەو هەڵەی خۆیانە، بەلاّم دژ وەستانی ئەوان لە بەرامبەر هاتنی سوپای تورکیادا، ناواقعییە، ڕوکەشە، بەلاڕێدابردنی ئێوەیە. ئێوە ئەگەر واقعەن دەتانەوێ سوپای تورکیا پێ نەنێتە نێو کوردستانەوە، ئەگەر واقعەن دژ بە هاتنی سوپای تورکیان، کە خواستو داوایەکی بەرحەقە، ئەوا بێ گومان پێش ئەوە پێویستە دژی جەنگێگ بن کە ئیحتمالی ڕودانی زۆرەو ئەمەریکا دەیەوێ پیادەی بکات، ئەکەر دەتانەوێ کوردستان نەبێتە کاولە و شوێنی بومب بارانی هێزە دەرگیرەکان، ئەگەر دەتانەوێ ڕۆڵەکانتان قوربانی وسوتەمەنی جەنگی ئەمەریکا نەبن، کە هەر ئێستا یەکێك لە ئاکامە زیانبارو خەتەرەکانیدەرکەوتوە، رێگاکەی ئەوەیە پەیویەست بن بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقو لەدەوری سیاسەت و بەرنامەکەی خەباتی خۆتان درێژە پێبدەن، پەبوەست بن بە شەیپوری عەزیمی بەرەی ئینسانی دژی شەرەوە کە لە هەر پێنج کیشوەرەکەی جیهاندا شەپۆل دەدات، ئەمە تەنها ڕێگایە بۆ ئەوەی لایەنی کەم کەمترین زەرەر بکەن لە حاڵەتی ڕودانی جەنگدا. بزوتنەوەی کوردایەتیو هێزەکانی بە درێژایی ژیانیان هەمیشە مێژوی شکست و ئاش بەتاڵی خۆیان نوسیوەتەوە. خەڵکی کوردستان دەتوانێت مێژوی شکستی ئەوان بکاتە مێژوی سەرکەوتنی خۆی، ئەمە حەقیقەتی دنیای ئەمڕۆیە.

**سەرکەوتوبێت بزوتنەوەی دژی شەڕ**

**شکست بۆ سیاسەتی شەرخوازی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی**

2003/2/25

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003